
# ئاوڕەکان دوڕیانێک پەلکێشیان دەکات

ئەدیب نادر
(بەریتانیا)

هەموو شتێک ئا لێرەدا دەبێ بە خەون، ژیان گۆرانی ئاسا تەواو نابێت، چیدی نامەوێ گریانم بشارمەوە، ساڵە قوڕقوشمییەکان تاهەتا درێژ دەبنەوە، هەموو شتێک بەرەو دنیای پیری دەمبات.

هەر بە تەنها شیعر دەڵێت: مادام ڕۆحت لەژێر سێبەری مندایە هیچ پیر نابیت
هەمیشە زەردەپەڕ تازە دەبێتەوە
دڵ باڵندەی ناو دارستانێکی دوورە و عەشقیش دەریا
تا چاو بڕکات کەندالّی هەزاربەهەزاری ئەبەدییەت درێژ درێژ دەبێتەوە
بێدەنگیی ئاوێکی مەنگە، هەرگیز هاژەهاژ بە گەرووی بوون نابەخشێت
خودا نابێتە گوێگری شریتی بێکۆتای ئەو ژیانەی سروود دەیکات بە قەقنەس و
چرکەئاسا بەسەرچوون دەیسووتێنێت و بێ لێبڕ نوێ دەبێتەوە
پۆلێک باڵندەی ڕەوەک لە بێشەڵانی یادوەری، بەیتێکە
گەردەلوولێکی مەودادار لەناویدا تاساوە
من لەم دنیایەدا تەنیام، دەڵێی ئامبازی ئاویلکەم، عاشقی دەنگێکم
گوێ دەریا نییە هەڵکشانی تەنها لەگەڵ هەڵدێردا دڵداری بکات
بە دووچاوی بەتاڵەوە لە ڕەنگی شین ڕادەمێنم
خاک پێویستی بە مەلەیە تا بگاتە کەنارێکی



میهرەبان
ڕۆژ هەوایەکی دەهرییە، لە ئامێزییەوە گەڵاکان
هەڵدەوەرێن
دوابەدوای ڕۆیشتن دەستم لە یەخەی منداڵیم
دەڕەخسێت و
لەسەر سەرابە ڕاپسکاوەکان جێ پێی
بەساڵداچوونم بەدیاردەکەوێت
حەسرەتە لاسارەکان، بە تاسەیەکی زۆرەوە
هەڵمەت بۆ ئەبەدییەت دەبەن
ئاسمان تابلۆیەکی نەکێشراوە، کۆتربازێکی
بەهرەمەند لەسەر دیواری خەیاڵیا بەجێی دێڵێت
بایەکی ئەفسووناوی عەوداڵە لەگەڵ درەختەکاندا
ئاواز بۆ سۆناتایەکی دێرین بژەنێت
برینەکان لە ئەندێشەی ئاسماندا پۆلێک مەلی
پەرەوازە لەبیردەکەن
بە تەنیشت شتەکانەوە ڕێگای بێدواییم گرتووە،
خەڵک بۆ بارانێکی وشک
بە ماڵئاوایی دەسپێرم
هێشتا بە دەستی ئەو هەنگاوانەوەم کە لە
ئەبستراکتی تابلۆیەکی مۆدێرن و سەدای بایەکی
چەمووش و
ڕەنگی ڕەشایی ڕەوە باڵندەیەکی پەرت و
گرمەگرمی ئاسمانێکی زڕ نزیکم دەخەنەوە
لەودیو ئەمانەوە ماڵی شیعر چاوەڕوانمە
چەند غەوارەم
چۆن گەمارۆی تەنیاییەکەم بشکێنم، لە شوێنێکی
جوداوازدا
سەرژمێرییەکەی هەر هەموو تارمایی بن، بەس
خۆم دەزانم لەم تاشە گەورەیە چەند هەراسانم
دەمەوێ هەراسانیی بکەمە سیمرغێک و منەی
تاشێکی دی بکەم
دوڕیانێک ئاوڕەکانم پەلکێش دەکات
تابلۆیەک پشیلە کێوییەکانی گومان هەروەک
جەنگەڵ دەیبینن، باڵندەیەکی سپی
پەڕوباڵی دەتەکێنێ و قەلەڕەشێکی سەلاری لێ
دەردەچێت
هەتا کۆلارەی نیگاکانم هەڵبدەم، دەشتاییەکی
بچکۆلەم لێوە دیارە
ئاپۆرایەک جێ پێی تێکچڕژاو
نەورەس ئاسا بەرەو نادیار ڕێیەکی دووریان
گرتووە
ئیتر هەموو ئاڕاستەکان هەر ئە ئاوان، منیش
لەگەڵ تارماییە ونەکاندا
جێ پێکانم شوێنێک بەجێ دەهێڵن و جارێکی تر
بەسەریدا تێناپەڕم
دوڕیانێک ئاوڕەکانم بەرجەستە دەکات، دەرگا
کۆنەکە دەبینم
چی تەنیایی دنیایە ئابڵووقەم دەدات
ئەو دەرگایە لێیەوە هەموو ڕابوردوو هورووژم
دێنێتە ژوورێ
خۆشەویستییەکی کۆن کلیلێتی، دڵ دەبێت بە
دەفرێکی گەورەی بەقەدەر نیشتمان
ئیتر دنیا بێدەنگەکە پڕ دەبێ لە تاریکایی و
دەرگای منداڵییەک دەڕەوێتەوە
دوڕیانێک ئاوڕەکان پەلکێش دەکات، ڕاوەستانەکان
نابینم
دڕکێک ڕێنماییم دەکا و دەشتی بێداریم دەتەنێ و
بێ خەوترین بوونەوەری دنیا تیامدا هەڵدەکورمێ
ئیتر لە دوورەوە ڕەشماڵی پێغەمبەرێک چاوەکانم
هەڵدەلووشێ
تاریکیی بەرۆکم دەگرێت، کتێبە چەقاوەسووەکانی
ئاسمان پەلەوەرن
دەیانخەمە نێو قەفەزی خوێندنەوە، تۆزوخۆڵی
گوناهەکانی دنیام لێوە دەنیشێ!

خۆم هەڵدەدەم تەنافی ئاسۆی کاڵ بگرم
تریفەی تەڕی چاوانم هەڵدەوەرێن
لە کۆڵانە دوورەکەمان منداڵێک دەستی بەردەبێ،
ئەشکە وردیلانەکانی کۆدەکەمەوە و بە تەمام
بۆلای دایکی خۆمی بەرم، کەچی ڕێگای
ماڵەوەمان دەڕەوێتەوە
بەربەیان دەبێتە پەنجەرە و
چۆلەکەکان لێیەوە دێنە ژوورەوە، من ڕاودەنێن
هەتا بەدوای شەوی سپیدا بگەڕێم
ئاوا لەناو سپێتیی دووردا منداڵیی خۆم لەبیر دەکەم،
دڵ پیر دەبێ، کات لە شەققەی باڵ دەدات و
یاداشتەکانی ژیانێکی بێ یاریی لەناو دڵی
چاوەڕوانیی جێ دەمێنێ..
لە ساڵانێک دەگەڕێمەوە
هەتاو لە گیرفانی دنیا کەوتووەتە خوار،
ڕەشبینیی سەرکردەیەکی کارامەیە
عەشق چرایەکە دڵ پێی دەکات و دەینێرێ، تا درێ
بە تاریکییە چرەکانی خەیاڵ بدات
فاڵچییەکی بەهرەمەندە، وەک قەیاغێک دەستی
بچکۆلەم دەکەوێتە نێو ئۆقیانووسی ڕامانی،
چرچییە قووڵەکانی دەبینێت، باس لە ئاوەڵابوونی
دەرگایەک دەکاتەوە، دەزانێ عاشقی
سەوزاییم، بەڵام دەڵێت:گەڵاڕێزانت بیر نەچێ..
ئیتر یەک یەک ئەستێرەکان
هەڵدەڕژێن و ئاسمانیش دەبێتە لاپەڕەی بەر
بارانی مەرەکەبێکی قەترانیی

**کۆتایی ٢٠١٠- لەندەن**